# هەنار لە شێرپەنجە دەتپارێزێت !

گرووپێك لە توێژیارانی زانكۆی Wisconsin Universitet – Madison ئەمێریكایی ئەنجامی توێژینەوەكانیان لەمەڕ كاریگەری هەنار لە سەر خانە شێرپەنجەییەكان لە گۆڤاری PANS دا بڵاوكردۆتەوە . ئەوەی جێی سەرسورمانە ئەوە یەكەم جارە كە میوەیەك كاریگەرییەكی وا پۆزەتیفی بە تایبەتی لە بواری چارەسەركردنی شێرپەنجەدا هەیە.

ئەنجامی توێژینەوەكان سەلماندوویانە كە ئەو شەربەتەی لە هەنار وەرگیراوە سوودی زۆر باشی هەبووە بۆ نمونە دژی دەركەوتن یان دروست بوونی مەینی خوێن ، ئەستووربوونی دیواری خوێنبەرەكان و شێرپەنجەی مەمك . ئەوەی شایانی باسە تا ئەمڕۆ فراوانترین راپۆرت لەمەڕ شێرپەنجەی پڕۆستاتەوە بڵاوكراوەتەوە . یەكەم جار توێژیاران لە تاقیگادا توێژینەوەیان لە سەركاریگەری شەربەتی هەنار كردووە كە بۆتە هۆی مردنی خانە شێرپەنجەییەكان . لە هەنگاوی دووەمدا شەبەتی هەنار لە سەر 24 مشك تاقیكراوەتەوە كە شێرپەنجەیەكی پرۆستاتی شێوەی پرۆستاتی مرۆڤی هەبووە .

كۆمەڵێك گیانەوەر ئاویان پێدراوە گرووپێكی دی بە رێژەیی یەك شەربەتی هەنار و كۆمەڵەی سێهەم بە رێژەی دوو شەربەتی پێدراوە .



ئەنجامەكەشی درمایەك بووە لەبەرئەوەی ئەو مشكانەی كە بەرزترین رێژە شەربەتەكەیان وەرگرتووە شێرپەنجەكەیان زۆر كەم بووەتەوە . هاوكات پێوەری PSA كە شێرپەنجەی پرۆستاتی پێ دەپێورێت زۆر نزم بووەتەوە . لە گۆڤاری نێوبراودا توێژیاران دەبێژن كە شەربەتی هەنار زۆر ئامادەیی تێدایە تا وەك دژی شێرپەنجەی پرۆستات بەكاربهێنرێت . ئەمڕۆ پلان دانراوە كە توێژینەوەكان لە سەر مرۆ بكرێت .

سەرچاوە

1.www.svd.se 050927 ©
2.www.aftonbladet.se 050927 ©